مەهاباد قەرەداغی

# سەمای ڕۆژهەڵاتی

**((ئەم چیرۆکە خە ڵاتی یەکەمی سیانزەمین ڤیستیڤاڵی گەلاویژی بەدەستهێنا))**



نەدەبوو کۆچی دوایی بکات، چونکە ئەستەمە بتوانم بە بێ ئەو بە ئارامی بژیم. بۆ ساڵێک دەچێت ئەم دنیایەی بە جێ هێشتووە و منی کردۆتە خۆراکی ئەژدیهای خەمێکی گەورە. لەو ساتەی کە هەواڵی مەرگی ئەویان پێگەیاندین، هەستم کرد دوو دەست لە حەواوە هاتن و منیان تا چینی حەوتەمی ئاسمان بڵندکردەوە و لەو بەرزاییەوە بەریاندامەوە نێو بیرێکی ئێجگار قووڵ. لەو ڕۆژەوە هەست دەکەم ئەو تاریکییەی دەروونمی داگرتووە هی ئەو بیرە قووڵەیە کە ڕێک بە قەد بەرزایی حەوت چینەکەی ئاسمان بەرەو ناخی زەوی بردووم. ئەوە ساڵێکە خەوم زڕاوە و ئەو خۆراکەی کە دەیخۆم لە دەممدا تامی ژەهری مار دەدات. هەندێ جار بۆ چەند خولەکێک چاوم گەرم دەبێت و هێشتا نووستووم و نەنووستووم، ئاژەڵێکی کێوی دێت و لەشم ونجڕ ونجڕ دەکات. هاوار دەکەم و لە خەوەکەم ڕادەچڵەکێم. هەموو جارێک هەمان ئاژەڵ دێتەوە گیانم، هەر خۆیەتی، گیاندارێکی سەیرە و لە ژیانی ئاساییمدا، لە باخچەی ئاژەڵانیشدا شتی وا سەیرم نەدیووە. ئاژەڵەکە خۆی لاوازە، بەڵام شاخێکی تیژ و ترسناکی هەیە. شێوەی ئاژەڵەکە ئاساییە، بەڵام شاخە نائاساییەکەی ترسناک و سەیرە. ڕەنگە ئەگەر ئەو شاخەی نەبوایە بمتوانیبایە بە ئاسانی بیگرم و تەنانەت وەک سەگەکەی خۆم، دەستیشی لە مل بکەم. سەگێکی میهرەبانم هەیە و هۆگرمە و هۆگریم، دەیلاوێنمەوە و دەملاوێنێتەوە.

کە هاتمە ئەم وڵاتە تەمەنم دە ساڵ بوو. چەندم پێ خۆش بوو دایکم و باوکم بڕیاڕیان دا وڵات بە جێ بهێڵن و بێنە ئەورووپا. من لە پێنج ساڵیمەوە لە ماڵی خۆمان و لەکۆڵان و دواتر لە قوتابخانەی شارەکەم و لە هەموو شوێنێکی ئەوێ بێزاربووم. زۆرجار خەیاڵم دەکردەوە کە دەستێکی خودایی دێت و هەڵم دەکێشێتە ئاسمان و ڕزگارم دەکات لەو شوێنە. لە ئاسمان وەک مەلێکی خۆشخوان بە دەم گۆرانییەوە ئازادانە ئاسۆکان دەبڕم و باڵەکانم لەسەر ئاوازە شاراوە و ئەفسوناوییەکەی شنەبای گەردوون، لێک دەدەم. هەتا ئاسمان مابێت من دەفڕم و هەر دەفڕم، چونکە لە فڕین ماندوو نابم و قەت نیشتنەوە ناکەمە ئامانج. ئەو دوو دەستەی منیان بەرز دەکردەوە دوو دەستی پیرۆز و خودایی بوون، بەڵام کە لە دەمارەکانی دەستەکە ورد دەبوومەوە لە دەستی خاڵیشم دەچوون، برا ناوەنجییەکەی دایکم، کە میهرەبان و قسەخۆش بوو. ئەو ئەگەرچی درەنگ هاتە ماڵی ئێمە، بەڵام کە هات ئارامییەکی خودایی جیهانی ناوەوەی منی داپۆشی. ئیدی پێم وابوو ئەو پێغەمبەرە نەک

مرۆڤێکی ئاسایی. کە گەیشتمە ئەم وڵاتەش هەستێکی وام هەبوو، هەستەکە وەک لیفەی ئارامی جەستە و ڕۆحمی داپۆشیبوو. ئەگەرچی لەگەڵ دایک و باوکم و براکەم ڕێگایەکی دوورودرێژ و ترسناکمان بڕی و چەندین مانگی پێچوو هەتا گەیشتینە ئێرە، بەڵام هەر کە لە فڕۆکەخانە دابەزین و هەستم بە جیاوازی شوێنەکە کرد و زانیم هەزاران میل دوورم لە وڵاتەکەی خۆم، ئیدی ئارام بوومەوە. خۆشم نازانم منداڵێکی دەساڵەی وەک من بۆ ئەوەندە لە وڵاتی خۆی بێزار دەبێت و ئاواتی گەیشتن بە شوێنێکی تر دەخوازێت. سوید وێستگەی ئارامی بوو بۆ من، ئارامییەک هەر دەتگووت ئەو ئارامییەیە کە خاڵم لە سەردانەکەیدا بۆ ماڵی ئێمە، لەگەڵ خۆی هێنابووی. هەستم دەکرد لەو ئارامی و ئازادییەش دەچوو کە لە سەردەمی مەلێتیدا دەمنواند، ئەو کاتەی کە ئاسمانەکانم تەی دەکرد و بە باڵەکانم دروشمی سەرفرازیم لەسەر شنەباکاندا دەنووسیەوە.

سەیرە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەستم بەو ئارامییە دەکرد، لێرەش و هاوکات هەستێکی تر هاوەڵی ناخم بوو، بێزاربووم و بێزم دەهاتەوە. نەمدەزانی بێز لە چی دەکەمەوە، بەڵام دەمزانی ئێڵنجێک هەردەم لەگەڵمدایە و هەستێکە ناتوانم بە ئاسانی فەرامۆشی بکەم. کە لە گەڕەکێکی ئەم شارە جوانەدا نیشتەجێیان کردین، لە ئاپارتمانێکی بەرزدا بووین و لە پەنجەرەی ژوورە تایبەتییەکەی خۆمەوە کە دەیڕوانییە سەر دارستانی پشتی دەریاچەیەک، دیمەنێکی بەهەشتیم دەدی. دایکم دەیگووت ئاسایی نییە مرۆڤ لە بەردەم چاوئەندازێکی ئەوەندە شیریندا بێت و هەمیشە بێزار دیاربێت و بێزی بێتەوە. من خۆشم نەمدەزانی بۆ بەو دیمەنە دڵگیرە شادمان نابم. لەماوەیەکی کەمدا فێری زمانی ئەم وڵاتە بووم. قوتابی و مامۆستا سویدییەکان زۆر خۆشیان دەویستم و لەگەڵ ئەواندا هەستم بە نامۆیی نەدەکرد، هێندەی ئەوەی لە ماڵی خۆماندا و لە وڵاتەکەی خۆمدا هەستم پێدەکرد. بووم بە چواردەساڵ و ئیدی لەگەڵ کوڕ و کچەکانی هاوڕێم دەچووینە گەشت و سەیران و هاوسۆزی و هاوڕێزی لەگەڵ ئەواندا دنیایەکی جوانیان بۆ من پێکهێنا.

حەزم لە سەما بوو، بەڵام سەمای تەنیا، نەک ئەو جۆرەی کە کوڕ و کچێک ئاوێزانی یەک دەبن. وا هەست دەکەم ئەو  جۆرە سەمایەی ڕۆژئاوا کە پێکەوەیە جۆرێکە لە سێکس، یان دەتوانی بڵێی سێکسە بە پێوە دەکرێت. دەشێ ئەوانەی ئەو سەمایە دەکەن زۆر چێژی لێ ببینن، بەڵام من سەمای تەنیای ڕۆژهەڵاتیم حەز لێیە، چونکە لەو کاتانەی کە سەما دەکەم، ڕووناکییەکی سەیر دڵم فراوان دەکاتەوە. سەمای ڕۆژهەڵاتی خولیایەکە و لە دە ساڵییەوە پیادەی دەکەم و زۆریش پسپۆرم تێیدا. سەما هەم وەک وەرزش و هەم وەک هونەر و هەمیش وەک ئارەزوو دادەنێم و پیادەی دەکەم. جودا لەمانەش لەکاتی پیادەکردنی ئەم ئارەزووە وەرزشی و هونەرییەدا، هەست بە دروستبوونی کەشێکی ڕۆحی لە شێوەی حاڵگرتن دەکەم. هەر کە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی دەست پێ بکات، خۆبەخۆ هەموو جەستەم بە شێوەیەکی سروشتی و هونەرییانە دەلەرێنەوە و ئەندامەکانی لەشم دەتوانن هەماهەنگییەکی بێ هەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەن. لە دە ساڵییەوە لە ژوورەکەی خۆمدا بە تەنیایی سەمام دەکرد و تەنانەت جلی تایبەتی سەمای ڕۆژهەڵاتیم هەبوو. جلەکان تەنک بوون و دەیانتوانی سیحرێکی جیاوازتر و زیاتر ببەخشنە جەستەی کیژۆڵەیەک، کە وزەیەکی بێئەندازەی تێدایە بۆ ژیان و هونەر. نازانم بۆ کە ئەو جلە تەنک و تایبەتیانەی سەما دەپۆشم خۆم وەکو پەرییەک دێتە بەرچاو کە پیرۆزیی لێدەچۆڕێت. هەست دەکەم خوودا لە درزێکەوە تەماشای من دەکات و لەرینەوەی جەستەم تا ئەوپەڕی شادمانی دەکات. ئەگەر ڕۆژێک پێنج فەرزە سەما نەکەم، هەست بە تاریکبوونەوەی ناخم و تەنگبوونەوەی دڵم دەکەم.

جوودا لە خولیای سەما، هەر لە منداڵییەوە حەزم لە شانۆش بوو. وا دەزانم بۆ ئەو مەبەستە لە دەساڵیمەوە خەریکی سەمام، تا جەستەیەکی هونەری بۆ ئەو کاتە پەروەردە بکەم، کە دەبم بە ئەکتەرێکی کارامە و لەسەرشانۆکاندا بە زمانی ئاسایی و بە زمانی جەستەم، پەیامی شانۆنامەکە و پەیامی بوونم بەوانی تر دەگەیەنم.

خەونەکەم هاتە دی و لە هەژدەساڵیمدا خۆم لە ئەکادیمیای هونەردا دیتەوە، لەگەڵ هاوەڵەکانمدا کاتێکی خۆشمان لەگەڵ شکسپیر و برێخت و مۆلێر و ستریند بێرگ و ئەسترۆڤسکی و گۆگۆڵ و ئەبسن و بێکێت و مرۆژک و ئەوانیتردا، بەسەردەبرد. هاوەڵەکانم پێیان دەگووتم تارا جەستەی تۆ لەهەمووومان هونەری ترە، منیش پێم دەگووتن ئاخر من هەموو ڕۆژێک، لای کەم پێنج جار لە ماڵەوە سەمای ڕۆژهەڵاتی دەکەم. ئێڤالیل و ئەندریاس و ماریا و تۆماس لە هاوڕێ نزیکەکانم بوون. ئەو دوو کچ و دوو کوڕە لەگەڵ مندا خەونی ئەوەمان هەبوو ببین بە پێنج ئەستێرەی درەوشاوەی سەر شانۆکانی سوید و جیهان. داوایان کرد فێری سەمای ڕۆژهەڵاتییان بکەم و دەچووینە ژووری پرۆڤە و فێرم دەکردن چۆن سەمای ڕۆژهەڵاتی بکەن. چۆن نێوقەد و سنگیان بلەرێننەوە و چۆن ئەو لەرینەوەیە لەگەڵ جوڵەی شان و باڵەکان هاوئاهەنگ و ڕێک بن، کە بە هەموویانەوە بتوانن وزە و تەلیسمێ بە ڕۆحی سەماکەر و چاوی بینەر ببەخشن. ئەندریاس و تۆماس پێدەکەنین و دەیانگووت ئەگەرچی وا خەریکین فێریش دەبین، بەڵام ئەم سەمایە بۆ پیاو تامی نییە، چونکە پیاو مەمکی نییە تا بیلەرێنێتەوە، ئەوە چێژی لەرینەوەی سێوەکانە ڕۆحی سەماکەر نیان و دڵی بینەر شادمان دەکات. ئێڤالیل و ماریاش بێشەرمانە پێدەکەنین و دەیانگووت دوور نییە ئادەم لە کاتی سەمایەکی ئاوای ئێڤادا بە سێو سیحری لێنەکرابێت و بێهۆش نەکرابێت. ناهەقی نەبووە و بە شەرابی سێو مەست بووە، بۆیە بەهەشتی لە کیسی خۆی و ئێمەش دا.

من وەک ئەو کچ و کوڕە سویدیانە ڕووکراوە نەبووم و هەردەم شەرمێکم تێدا بوو کە وەکو دیوارێکی ئەستوور بەری شنەبای ئازادی لێدەگرتم، بە تایبەت لەسەرەتاوە کە هێشتا لە ساڵی یەکەمی ئەکادیمیا بووم. بەهۆی پەروەردە ڕۆژهەڵاتییەکەمەوە کەمتر قسەی ئازادانەم دەکرد و تەنانەت کە بە قسەکانی ئەوانیش پێدەکەنیم، وەک ئەوان قاقام لێنەدەدا، بە خەندەیەکی کورت کۆتاییم پێدەهێنا.

هەر لەسەرەتای یەکترناسینماندا، هەستم دەکرد تۆماس، بۆ من هەستێکی جیاوازتر لە هاوڕێیەتی هەیە. نایشارمەوە منیش لە ناخی خۆمدا هەستم دەکرد ئەو کوڕە جیاوازترە لە هەموو ئەوانی تر و وزە وکاریزمایەکی وای تێدایە کە من بەرەو خۆی و ئارامییەک ڕادەکێشێت، ئەندازەی نییە! بەڵام من بێزارییەکە و بێزهاتنەوەکەم لە پشت پەردەی هەموو شادمانی و هیواکاندا، هەردەم ئامادە بوو. لە ساڵی دووەمی خوێندنماندا تۆماس هەستەکەی خۆی لە لا ڕوون بووبووەوە، لە لای من زۆرلەوەش ڕوونتر بوو هەست و نەست وێنای بکات. ڕۆژێک بوو کە بێزارییەکە هێرشی بۆ هێنابووم و بە تەنیا لە کەفیتریاکەدا دانیشتبووم. تۆماس هاتە لام و پێی گووتم تارا با بچینە دەرەوە و داوەتت دەکەم بۆ سەیرانێکی نێو دەریا. هیچ بەرهەڵستی ئەو داوایەم نەکرد و لە چرکەیەکدا دەستی خۆمم لەنێو دەستیدا دیتەوە و چووینە دەرەوە و بەرەو کەناری دەریا هەنگاومان دەنا. دەریاکە دوور نەبوو لەئەکادیمیاکەمانەوە، دوو بلیتی کڕی و چووینە نێو ئەو بەلەمەوە کە گەشتی دوو سەعاتی بەنێو دەریادا دەکرد و دەگەڕایەوە هەمان شوێن. کە چووینە نێو کەشتیەکەوە ئیدی دەستی من لە نێو دەستی ئەو نەمابوو، دەستی چەپی من ئاڵابووە نێو قەدی تۆماس و دەستی ڕاستی تۆماس ئاڵابووە ملی من. دەتگووت لەوەتی هەین پێکەوەین و لەوەتی دەستەکانمان دروست بوون وا شێوەیان

گرتووە. چوین لە نهۆمی دووەمی بەلەمەکە، ڕوو لە شەپۆلە سەماکەرەکان کە لەژێرتیشکی خۆردا دەبریسکانەوە، دانیشتین و هێشتا هەر دەستی من لەکەمەری ئەو و دەستی ئەو لەملی مندا بوو. لەو ساتەدا هیچ شتێکی ترم لە بیر نەمابوو، هیچ، تەنانەت بیرم لەوەش نەدەکردەوە من کێم و خەڵکی کوێم و تۆماس کێیە و خەڵکی کوێیە. ئاوێزانەکە ئەوەندە سروشتی بوو، دەتگوت بەلەمەکە نێو لەپی خودایە و ئێمەش پەیکەرەکەی (ڕوودان)ین. دەمی هێنایە پێشەوە و چرپەیەکم گوێ لێبوو کە تێکەڵ بە ماچی نەرمایی گوێم بوو. (تارا خۆشم دەوێی، بە قەد هەموو دنیا خۆشم دەوێی). نەمدەزانی چرپەکان ماچن یان ماچەکان چرپەن. ئاوێتەکە دەتگوت سیحرێکە و لە لێوەکانی من کراوە. هێندەم زانی لێوەکانمان تێکەڵن و گەرم داهاتوون و دەستەکانیشمان خۆڕسک دەجوڵێن و پەییان بە هەموو شوێنێکی جەستەی یەکتری بردووە. من نازانم ئەگەر ئەو شوێنە ژوورێکی نێو ماڵێک بووایە و سەرپشتی بەلەمێک نەبووایە کە دەیان کەسی دیکەش لە دەوروبەرماندا بوون، ئەو ڕۆژە ئێمەش وەک ئادەم و ئێڤا زەفەرمان بە بەری درەختە تابووەکەی بەهەشت دەبرد یان نا، بەڵام ئەو ڕۆژە و لەسەرپشتی بەلەمەکە لێمان نەخوارد و بە چێژی چرپە و ماچەکانی ئەڤین، کە لە تامی شەکرەسێو و هەنگوینی ڤیان کەمترنەبوون، ڕازی بووین و نەمانزانی بۆ وا زوو کۆتایی بە گەشتەکەمان هات. ئەو گەشتەی هەستەکانی ئێمەی گەیاندە ترۆپکی هۆشیاری و نەستەکانی ئێمەی گەیاندە حزوری پەروەردگاری مەزن.کە لە بەلەمەکە دابەزین و بەرەو وێستگەی پاسەکان چووین، تا هەریەک بەرەو ماڵەوە سواری پاسێکی جیاواز بین، ئینجا دەستی ڕاستی من بە نێوقەدی ئەو و دەستی چەپی ئەو لە ملی منەوە ئاڵابوو. پێش ئەوەی سواری پاسەکە بم، بە ماچێکی تێکەڵ بە چرپە، ئەمجارە هەردووکمان پێکەوە و بە یەکدەنگ و ئاوازی سروشتی گوتمان کە بە قەد هەموو گەردوون یەکتریمان خۆش دەوێت. لە چەند چرکەیەکدا موچوڕکم پێدا هات و وام هەست کرد ئەو ساتە وەستانە، کە لە ساتێکی سەمای ڕۆژئاوایی دەچوو، تامی هەموو ساتەکانی سەما تەنیاکانی ڕۆژهەڵات دەدا. ئێستا دەزانم جیاوازی تەنیایی و پێکەوەبوون، تەنانەت لە سەماشدا چییە و چۆن ئێمە دەتوانین هێندە دوور بین لە یەکتری و تەواوی تەمەنی ئێمەی کچانی ڕۆژهەڵاتی تەنیاییەکی ئاڵۆزە و لە نێو ئاپۆڕەکاندا ون بووە.

ئەو ڕۆیشت بەرەو وێستگەی پاسەکەی گەڕەکی خۆیان و پاسەکەی منیشی تێدا بووم کەوتە جوڵە بەرەو وێستگەی مەبەست، کە کۆتایی گەڕەکەکەی ئێمەیە. ڕێک لەگەڵ جوڵەی پاسەکەدا ئینجا هەموو شتێکم بیرکەوتەوە. بیرم کەوتەوە کە من کچێکی ڕۆژهەڵاتیم و ئەوەی کە لەگەڵ تۆماسدا کردم بە داب و نەریتی کوردانەی من نەنگ و نەشیاوە! ترسێکی زۆر ڕۆحمی هەراسان کرد. ئەو دوو کاتژمێرەی کە لەنێو بەلەمەکە بووم، ئەوەی بێزاری بێت لە بیر و هۆشی مندا نەمابوو. بێزاری چیم لەبیر بمێنێت، من کە ناو و ناونیشانی خۆمم بیرچووبێت، بێزاریم چۆن لە بیردەمێنێت! بەڵام لەگەڵ جوڵەی پاسەکەدا و کە خۆمم بیرکەوتەوە، بێزارییەکە دیسانەوە، بەڵام ئەمجارە بە ئەندازەیەکی زۆر زیاتر و تێکەڵ بە ترسێکی بێسنوور، هاتەوە وێزەم. کە گەیشتمەوە ماڵەوە بە بێدەنگی چوومەوە ژوورەکەی خۆم و ئەو کەوتنەی کە لەسەر سیسەمەکەم کەوتم سێ ڕۆژی پێچوو تا بتوانم هەست بە بوونی خۆم، بکەمەوە. دایکم و باوکم و براکەم زۆر نیگەرانم بوون و هەموویان نازیان دەکێشام و منیش هەر بە ئاستەم دەمتوانی وەڵامی ئەو میهرەبانییەی ئەوان بە خەندەیەکی تاڵ بدەمەوە. لەناخی خۆمەوە وامدەمزانی ئەگەر دایکم و باوکم بزانن لەگەڵ تۆماسدا چەند هەزار ماچی فریشتانەمان پێکەوە کردووە و ئاوێزانی یەکتری بووین، چۆن ئەو میهرەبانییەیان

وەردەچەرخێت و چۆن ئیدی بەهەشتی شەپۆلەکانم لێ قەدەغە دەکەن و ئیدی دەریاکان لە باتی ئاو، بۆ من دەبنە دۆزەخ و شەپۆلی ئاگریان پێدا دەڕوات.
هەر ئەو ڕۆژە دایکم پێشنیاری کرد بۆ ڕەوینەوەی بێزاریم سەگێکم بۆ بکڕێت و هەر کە دڵتەنگ بووم لەگەڵ سەگەکەمدا بچمە پیاسەیەکی دارستان. ئیدی ئەو سەگە خنجیلانەیە کە ناوم نا نامۆ، بوو بە مایەی دڵدانەوە و ئارامیم و هەر پیاسەیەک لەگەڵ ئەودا چەندین هەنگاو لە بێزاری و بێزهاتنەوە دووری دەخستمەوە. ئەگەرچی لە کولتووری ئێمەدا مرۆڤەکان سەگ بە گڵاو دەزانن و بێزی لێدەکەنەوە، وەلێ من نامۆم ماچ دەکرد و بوو بەهۆی ئەوەی هیچ نەبێ ئەو چەند ساتەی کە لەگەڵ ئەودا دەبم، هەستی بێزاریم برەوێتەوە.
تۆماس پێی سەیر بوو دوای ئەو سێ ڕۆژەی کە لەماڵەوە نەخۆش بووم و گەڕامەوە ئەکادیمیا، بۆ ئاسایی ئەو دەدوێنم و وەک ئەڤینداریک مامەڵەی لەگەڵ ناکەم. لە ڕاستیدا من ئەو هەستە ئاگرین و بەرینەی خۆمم دەشاردەوە و بە زمان شتێکی دیکەم دەردەبڕی و دەمگووت هێشتا زووە بۆ ئەڤین و من نامەوێت خۆم بە شتێکی دیکەوە خەریک بکەم و ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕوویدا نامەوێت ڕوو بداتەوە. ئەوەی من دەمگووت درۆیەکی ڕۆژهەڵاتیانە بوو کە بەردەوام بۆ شاردنەوەی هەستەکانمان دەمانکرد و پێی پەروەردە بووبووین. لە ڕاستیدا، ئەو دوو سەعاتە بوو بە هەوێنی فراوانبوونەوەی فەنتازیای من و ئەو هەزاران ماچە لە خەیاڵی مندا بوون بە ملیاردەها ماچ و چرپەکانیش بوون بە زەنگێکی بەردەوامی گوێم. لەوساوە من هەست دەکەم بەردەوام بە گوێمدا دەچرپێندرێت و دەنگی تۆماس تێکەڵ بە ژێیەکانی گوێم بووە. هەوڵەکانی تۆماس لەگەڵ مندا ئاکامی بێهودەیی بوو. نازانم چۆن دەمتوانی هەستێکی ئەوەندە بەرین و عەشقێکی ئەوەندە شیرین بشارمەوە و لە کوێم دادەنان و چ شوێنێکی دەروونم بوو هێندە بێمیهرانە ئەو عەشقەی لەگۆڕ دەنا. لەوەتی ئەو عەشقەم لەگۆڕناوە، لە خۆشەویستی دەترسم و حەز ناکەم بە تیلەی چاویش تەماشای هیچ پیاوێک بکەم.
- تۆماس هیچ هەڵەیەکی لەگەڵ تۆ کرد، کە لە ئەڤین بێزار و بێبەری بیت؟
ئەگەرچی ئێستا تۆماس لە ژیانی مندا نەماوە و دوای هەوڵە بێهودەکان پەیوەندی لەگەڵ کچێکی دیکەدا دانا، بەڵام دەزانم ئەوەی لە نێوان تۆماس و مندا ڕوویدا کرۆکی عەشقێکی باڵا بوو. تا مابێ و تا مابم نە لە بیرمان دەچێتەوە و نە دەتوانین بە کەسی دیکەی ببەخشین. تۆماس خۆی پێی گووتم ئەوە یەکەم ماچی نەبوو لە ژیانیدا، بەڵام قەت چرپەیەکی ماچاوی وا کە خۆیشی لای سەیربوو، نەیدەزانی دەنگی خۆیەتی یان هی خودا، بەڵام دەیزانی لە ژیانیدا بۆ هیچ ژنێکی تر، دووبارە نابێتەوە. ئەو خۆیشی دەیزانی و دەیگووت عەشق تەنها یەک جار لە ژیانی مرۆڤدا ڕوو دەدات و ئەو جارەش لەگەڵ مندا بووە. ئەو چەند جاری تر دەیگووت تارا با ببینەوە بە پەیکەری ماچ و بە ئاوێزانەوە بچینەوە نێو لەپی خودا. تۆماس لەو سەیرییەی من سەری سووڕ دەما، چونکە منیش نکۆڵیم لە بێئەندازەیی خۆشەویستی خۆم نەدەکرد بۆ ئەو. پێم دەگووت تۆماس ژیانی لەمەودوای من بریتی دەبێت لەو دوو سەعاتەی کە لەسەر شەپۆلەکاندا لە باوەشی تۆدا بەسەرم برد، چونکە دەزانم ئەوە ئەو عەشقە بوو کە تەنها جارێک لە ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدات. تۆماس دەزانم من و تۆ ئێستا مرۆڤین وەک هەموو ئەو ژن و پیاوانەی کە لە هەموو شوێنێک دەیانبینین، بەڵام گومانم لەوە نییە لەو دوو کاژێرەدا کە دەریا لە ئامێزی گرتبووین، ئێمە دوو فریشتە بووین و بێبەری بووین لە هەموو گوناهەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی. تۆماس گومانم لەوە نییە کە هەتا ژیانم مابێت ناتوانم کەسم وەک تۆ خۆش بوێت، بەڵام ببوورە کە ناتوانم ئەو پەیوەندیە لە سنووری ئەو

ماچانە بپەڕێنمەوە و پێکەوە بگەینە دوورگەیەکی ترسناک. من ئێستاش نازانم بۆ لەباتی هاوسەرێتی گوتم دورگەی ترسناک. من نازانم ترس بوو لە دایک و باوکم یان هەستێکی دیکەی نهێنی لەپشتی خۆدوورخستنەوەم بوو لەتۆماس. لە ڕاستیدا دایک و باوکی من ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتی بوون، بەڵام هێندە تاریکبیر و دواکەوتوو نەبوون نەتوانم ڕازییان بکەم کە تۆماسم خۆش دەوێت و دەمەوێت ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێکبهێنم. دەزانم لەسەرەتاوە دەبووە مقۆ مقۆ و دەیانگووت کوڕی سویدی بۆ تۆ دەست نادات و ئێمە کولتوورمان جیایە و ئایینمان جیایە، بەڵام لە ئاکامدا ڕازی دەبوون و کە تۆماسیشیان ببینیبایە بەو هەموو شیرینی و ڕووخۆشی و کاریزما هونەرییەی کە لە سیما و جوڵەیدا بەدی دەکرا، خۆشیاندەویست و شانازیشیان پێوە دەکرد.
ددانی پێدا دەنێم کە ئەوەیان زیاتر خەتای خۆم بوو، بەڵام ئەوانم کردبوو بە بیانوو. هەر نەمتوانی بزانم بۆ وام کرد و ئەو هێزە ڕەشە چ بوو پاڵی پێوە دەنام بۆ نێو تاریکایی و دەیویست لە ڕووناکی ئەڤینی تۆماس بێبەشم بکات. ئێستاش نازانم ئەو هێزە بۆ پاڵی پێوە دەنام سەمای تەنیای ڕۆژهەڵاتی بکەم و لە چێژی سەمای پێکەوەیی ڕۆژئاوایی دوور بکەومەوە و بێزم هەڵسێنیت.
پازدە ساڵە لەسویدم و وا بیست و پێنجەمین مۆمی تەمەنم دەکوژێنمەوە. ئەگەرچی لەو ماوەی پازدە ساڵەدا زۆربەدەگمەن بە تەلەفۆنێک قسەم لەگەڵ خاڵم دەکرد، ئەویش لەو کاتانەی کە لە لەگەڵ دایکم قسەی دەکرد، کەچی کە هەواڵی مەرگی خاڵمیان بە دایکم گەیاند، من زەمینلەرزەیەک لە قەوارەمدا دروستبوو. ئەوە ساڵێکە ئەو بوومەلەرزەیە ئارامی لێ هەڵگرتووم و بێزاری و بێزهاتنەوەکەشم دووبارە بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر بۆ هاتووەتەوە و گڕئاسا هوروژمم بۆ دەهێنێت. تەنانەت نامۆی خنجیلانەش ناتوانێت بە ڕوانینە پڕ لە وەفا و میهرەبانییەکەی، دڵنەواییم بداتەوە. خەوزڕانەکەم پێ باشترە لە نووستن، چونکە کە جار و بار بۆچەند خولەکێک خەو دەچێتە چاوم، ئاژەڵەکە پەیدا دەبێتەوە و شاخەکەی دەمتۆقێنێت.
- تارا، ئاژەڵێک هەیە پێی دەگووترێت یەکشاخ و لە نێوان هەردوو چاویدا تەنها یەک شاخی هەیە. دیارە ئەگەر لە ڕاستیشدا نەبێت لە تەلەفیزیۆن، لە فیلمی جیهانی ئاژەڵان دیووتە. ئەو ئاژەڵەی کە لە خەودا دەیبینیت وەک ئەو یەکشاخەیە؟ مەبەستم ئەوەیە شاخەکەی دەکەوێتە نێو چاوانی؟
ئاژەڵەکەی کە بۆتە مۆتەکەی من دوو پێی هەیە، بەڵام وەک مەیموون بە یارمەتی دەستەکانیشی دەڕوات. لە ڕاستیدا هەندێ جار لێم تێکدەچێت و کە لە خەو ڕادەچڵەکێم و دایکم دێت ئارەقەکانم دەسڕێتەوە و دەپرسێت ڕۆڵە دیسانەوە کابووسەکەیە، نازانم پێی بڵێم مرۆڤم دی یان مەیموون یان ئاژەڵی کێوی. سەیر ئەوەیە شاخەکەی لە سەریدا نییە و لە نێوچەوانیشیدا نییە. شاخەکەی کەوتۆتە خوارەوە و لە ژێر ناوکیدایە. ئەوە ساڵێکە بەردەوام هەر کە خەو دەچێتە نێوچاوانم ئەو یەکشاخە دێتەوە و پەلامارم دەدات. نازانم پەیوەندی مەرگی خاڵم و ئەم بوومەلەرزە دەروونییەی من چییە، خۆ من کە منداڵیش بووم و ئەو کاتەی کە لە وڵاتی خۆمان بووم پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تایبەتیم لەگەڵ خاڵمدا نەبوو، نە هۆگری بووم و نە هۆگرم بوو، بەڵام چونکە میهرەبان بوو و دایکم خۆشی دەویست و منیش...
- تۆش خۆشت دەویست؟
کە ئەو دەهاتە ماڵمان، چونکە لەشارێکی ترەوە دەهات چەند ڕۆژێک دەمایەوە. دواجار من تەمەنم هەشت ساڵ بوو، دوو ساڵ پێش هاتنمان بۆ سوید، ئەوجارەی کە بە جانتایەکی گەورەوە هات و

گووتی لە سەربازی هەڵهاتووم و ئیدی دەبێت خۆم بشارمەوە. دایکم پێی گووت کە لە ماڵی ئێمە بمێنێتەوە. شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو، هاوڕێکانی خاڵم هەموویان کوژران و تەرمەکانیان دەگەڕایەوە. ئەوجارە خاڵیشم بە ڕێکەوت ڕزگاری بوو بوو، بۆیە بڕیاری دا لەسەربازی هەڵبێت و بێت لەشارێکی تردا خۆی بشارێتەوە. دایکم زۆری پێ خۆش بوو کە براکەی لەمەرگ ڕزگاری بووە، زۆرتریش پێی خۆش بوو کە لە ماڵی ئێمەدا بمێنێتەوە و پێی گووت کە ئەو هەموو ڕۆژێ دەچێتە سەر کار و ناچارە منداڵەکانی لەماڵەوە بە تەنیا بەجێبهێڵێت و لە قوتابخانەوە هەردەم نیگەرانی ماڵەوەیە، بەڵام لەمەودوا دڵنیایە، چونکە براکەی لەگەڵ ئێمەدا لەماڵەوەیە. هاتنی خاڵم تەنها دڵنیایی نەبوو بۆ دایکم، ئارامی بوو بۆ منیش و براکەشم، کە ئەو دوو ساڵ لە من منداڵتر بوو. بە هاتنی خاڵم و مانەوەی لە ماڵمان بۆ ماوەی دوو ساڵ، من ڕزگارم بوو لە.....

- مەگری تارا، بەردەوام بە لە گێڕانەوە، ئێمە خەریکە نزیک دەبیتەوە لە چارەسەر. بە هاتنی خاڵت بۆ ماڵتان تۆ لە کێ، لە چی ڕزگارت بوو؟

ئەمڕۆ ناتوانم هیچی دیکە بڵێم، بەڵکو هەفتەی داهاتوو بتوانم. تەماشا چۆن لەبەر ئارەقە هەموو جلەکانم تەڕ بووە و چۆن هەموو جەستەم دەلەرزێت. لەکاتی ڕاچڵەکینەکانیشم لە کابووسەکان ئاوام بەسەردێت. لەم ساڵەدا شەو نەبووە مۆتەکەی ئەو ئاژەڵە یەکشاخە بە تەوژمی ترسەوە ڕامنەچڵەکێنێت و نەمخاتە نێو ئەم دۆخەوە. من ئازار دەچێژم دکتۆر، نازانم چۆن پەسنی ئەو ئازارە بکەم کە هەستی پێدەکەم.

- تارا ئەمە ساڵێکە، هەفتەی جارێک من و تۆ گفتوگۆ دەکەین و هەموو شتێکی دیکەت باس کردووە، ئەوە نەبێ کە ئێستا خەریکە بیڵێیت و پێویستە بۆ من باسی بکەیت. بەردەوام بە، خەریکە دەگەینە کۆتایی ئەو کابووسەی کە دەیبینیت. تۆ لەوەتی بێزاریت و بێزت دێتەوە نەخۆشیت و پێویستت بە چارەسەرە، نەک تەنها ئەم ساڵەی پێشوو، کە خەوت دەزڕێ و تووشی خەمۆکی هاتوویت. تارا، مەرگی خاڵت، دەروونی تۆی وروژاند و نەستی تۆی هەڵاودیوو کردەوە، دەنا تۆ لە پێنج ساڵییەوە تووشی گرێیەک بوویت کە ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ کوێر بووەتەوە و پێویستی بە کردنەوەیە. بە هاتنی خاڵت بۆ ماڵی ئێوە تۆ ڕزگارت بوو لە پیاوێک کە ئێستا لە شێوەی ئاژەڵێکی کێوی یەکشاخدا دێتە خەونت. تارا گیان، پێش ئەوەی خاڵت بێتە ماڵتان، کە دایک وباوکت دەچوونە دەوام کێ ئاگای لێتان دەبوو؟ قەینا تارا، بگری، گریان شتێکی خراپ نییە. بگری بەڵام زۆر گرنگە ئەوەی بیست ساڵە لە دەروونی خۆتدا دەیشارێتەوە، ئێستا بۆ من دەری ببڕی. ئەو پیاوە کێ بوو تارا؟ پێویستە بیرت بێتەوە و باسی بکەیت.

- چۆن زانیت بیست ساڵە؟ دکتۆر گیان، مادەم زانیت بیست ساڵ بەر لە ئێستا ڕووی داوە، دەشێ بشزانی کە چی ڕووی داوە. بەڵێ ئەو کاتە پێنج ساڵ تەمەنم بوو. هێشتا ساڵێکم مابوو بچمە قوتابخانە. ماوەیەک ئەو لە ماڵمان بوو، ئیدی دایکم بە دڵنیاییەوە دەچووە دەوام. باوکم زۆری خۆش دەویست چوونکە برای بچووکی بوو. مامم تەمەنی بیست ساڵ بوو ئەو دەمەی من پێنج بووم. جەستەیەکی لاوازی هەبوو. هەر لە منداڵییەوە دەستی لەخوێندن بەردابوو، باپیرەم بردبووی بۆ بازاڕی میکانیکییەکان و لای فیتەرێک کردبووی بە شاگرد. ئەو مامەیەم لەو کاتەدا زۆرجار لە لامان دەمایەوە بۆ ئەوەی ئاگای لێمان بێت. بەڵام ئەو میهرەبان نەبوو، لێی دەدام و دەیگووت ئەگەر بە دایک و باوکت بڵێی لێم داوی نوکی زمانت داخ دەکەم. منیش لە ترسا بێدەنگ دەبووم. کە دایک و باوکم لە دەوام دەهاتنەوە، هیچ باسی ئەو لێدانانەم بۆیان نەدەکرد. لەو ساتانەدا کە نەمدەتوانی

هیچ بلێم زۆر ڕقم لەدایكم و باوكم هەڵدەستا. بە تایبەتی ئەو كاتەی كە لەگەڵ مامم‌دا دەیانكرد بە گاڵتە و جەفەنگ و نەیاندەزانی ئەو چی لە من كردووە.

- تارا، ئەگەرچی دەزانم بیرهێنانەوەی ئەو ساتانە ناخۆشە، بەڵام پێم بڵێ مامت بە چی لێی دەدایت؟ ئەی شوێنی ئەو لێدانانە دەرنەدەكەوتن تا دایكت ببینێت، بە تایبەت ئەو كاتانەی كە لە حەمام دەیشوشتی؟

- نا، هیچ شوێنی دیار نەبوو، بەڵام من هەستم پێ دەكرد كە چەند ئازاری زۆرە. لە كاتێكدا كە لێی دەدام جەستە لاوازەكەیم دەدی و هەستم دەكرد چۆلەكەیەكی تەنیام و لە نێو قەفەسی سنگی ئەودا دیلم. پەراسۆكانی دیار بوون و دەتگووت شیشی زیندانێكی ئینفیرادین و منیان لە پشتی خۆیان شاردۆتەوە. كە لێی دەدام خۆی ڕووت و قووت دەكردەوە. هیچی لەبەر نەبوو. ئەو نەك هەرخۆی، منیشی ڕووت دەكردەوە و بە ڕووتی لێی دەدام. زۆر خراپی لێدەدام! مەگەر خودا بزانێت چەند ناخۆشە و چەند ئازاری هەیە كە بە ڕووتی لێت بدەن و كەسیش نەبێت بگاتە فریات. من بێكەس نەبووم، دایك و باوكم هەبوو، بەڵام لەو كاتەدا ئەوان لە ماڵ نەبوون و نەشم دەوێرا هاوار بكەم تا دراوسێكان فریام بكەون. مامم هێند بە چاوی سوورەوە هەڕەشەی دەكرد كە هەستم بە لاڵبوون دەكرد ئەو كاتانە و دوای ئەوەش كە دایكم و باوكم دەهاتنەوە، هەر نەمدەوێرا فزە بكەم.

- بە دەست لێی دەدای یان بە پێیەكانی؟ یان بە شتێكی تر؟ مەگری و هەوڵ بدە بیرت بكەوێتەوە بە چ ئامرازێك یان ئەندامێكی لێی دەدایت؟

نا بە دەستی نەبوو، بە پێیشی نەبوو، شتێ بوو لە شاخی ئاژەڵ دەچوو، بەڵێ بە شاخەكەی ژێر زگی لێی دەدام. ڕێك وەك یەكشاخەكەی كابووسەكان. دكتۆر ئایا ئەو ئاژەڵەی كە لە كابووسەكاندا دەیبینم مامە؟ ... پەلاماری دەدام و سەرەتا شاخەكەی دەكردە نێو دەممەوە و تا بنی قورگم دەیپەستاند. یەعم دەهات و دەڕشامەوە، زۆر دەڕشامەوە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام دەبوو لە لێدانم و دەممی دابچڕیبوو و شاخەكەی بەناویدا دەهێنا و دەبرد و وەك شێت پێدەكەنی و منیش هەردەگریام و دەڕشامەوە و ئەویش هەر پێدەكەنی...ئێع....

- ئازیزەكەم بگری، بەڵام بەردەوامیش بە، سەری داوەكەمان گرتووە و دەبێت ئەمڕۆ تا كۆتایی بچین و بگەینە چارەسەر. پێم بڵێ، تەنیا ئەوەندە بوو، هەر دەیخستە دەمتەوە یان شتی تریشی دەكرد؟ هەر یەك جار ئەمە ڕوویدا، یان زۆرجاری تر؟

نا شتی تریشی دەكرد، بەڵام نەدەبوو بیگێڕمەوە چونكە نوكی زمانی داخ دەكردم، دەیگووت ئەوەی من لەگەڵ تۆی دەكەم دەبێت یەكسەر لەبیرت بچێتەوە، دەنا دەتكوژم. ئێستا نازانم چۆن بیرم كەوتەوە! بەڵام هێشتاش زۆركاڵ ڕووداوەكە دەبینم. وەك ئەوەی لە تاریكییەكدا بێت و تەنها ڕووناكی تاڵە شقارتەیەك دیمەنەكە بخاتە ڕوو. دوای ئەو جارەش هەر ڕووی دایەوە. هەر جارێ مامم دەهاتە ماڵمان كە ئاگای لە ئێمە بێت، بەو جۆرە لێی دەدام. برا بچوكەكەمی لە ژوورەكەی دیكە دادەنا و دەرگاكەی لەسەركلیل دەدا و لە ژووری نووستنەكەی دایكم و باوكم لەمنی دەدا. تا بووم بە هەشت ساڵیش هەر لێی دەدام، دەیان جار لێی داوم، زۆری لێداوم. خۆ من تەواو لە بیری خۆمم بردبووەوە، كەچی وا بیرم دەكەوێتەوە و دەیگێڕمەوە. ئەوە یەكەم جارە دەیگێڕمەوە دكتۆر، تكایە با دایكم و باوكم نەزانن، دەزانم ئەگەر مامم بزانێت گێڕاومەتەوە دەمكوژێت. یان باوكم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ و مامم دەكوژێت. من حەز ناكەم ئازاری كەس بدەم، بەڵام ئەو ئازاری منی دا! نا، نا دكتۆر ، پێم خۆشە تۆڵەی خۆمی لێبكەمەوە، چونكە ژیانی منی وێران كرد. وا ساڵێكە

نەخۆشییەکەی منماڵەوەمانی هەراسان کردووە و تروسکایی خۆشی لە دەروونی خێزانی ئێمەدا نەماوە. خۆ من ڕقم لەدایک و باوکیشمە کە ئێمەیان بە تەنیا بەجێدەهێشت لە لای مامم و دەزانم هەمووی خەتای ئەوانە. نازانم کە نەیاندەتوانی لەگەڵمان بمێننەوە بۆچی دروستیان کردین. ئێستا کە بە نەخۆشییەکەی من ئەوەندە پەرێشان بوون، پێم خۆشە و چێژی لێدەبینم. نەدەبوایە ئێمە لای هەرکەسێک بەجێ بهێڵن، بە تایبەت لای مامم. ئەو بە درێژایی سێ ساڵ نەک هەر ئازار، بەڵکو ئەشکەنجەی داوم.

ئەو کاتەی کە خاڵم هات و لەماڵی ئێمە مایەوە، ئیدی مامم نەیدەتوانی لێم بدات چونکە تەنیا نەبووین. تەنها ئەو کاتەی کە خاڵم هات، من ڕزگارم بوو لە مامم. بەڵێ خاڵم ڕزگاری کردم، ئیدی ئەو قەت نەیتوانی لێم بدات، تا ئەو کاتەی کە ئیدی دایکم و باوکم بڕیاریان دا ماڵەکە بفرۆشن و بچن بۆ وڵاتێکی تر.

نەدەبوو خاڵم بمرێت. هەست دەکەم بە بێ ئەو لەم دنیایەدا تەنیام و گورگ دەمخوات. ئەوەتا لەوەتی ئەو مردووە من هەموو شەوێک دەیان جار ئاژەڵە یەک شاخەکە دێتەوە گیانم. دکتۆر، ئایا ئاژەڵە یەکشاخەکە ماممە!؟ مادەم خاڵم نەماوە، مامم دێتەوە گیانم و لێم دەدات.. نا.. نا.. نا..نامەوێت مامم ببینمەوە، دەترسم....

2009/09/05